# پاشماوەی خۆشەویستیی خاک یان بیری نەتەوەیی لە ئەدەبی هەورامیدا



دیمەنێکی ناوچەی کۆسەی هەجیج ـ کامێرای پەیام

ئەوینی نیشتمانەکەیان تا ئاستێکی بەرز ڕابگرن، کە زیاتر لە بەش و مەڵبەندەکانی تر خۆڕاگریی خەڵک پتەو بکا و کەمتر بهێڵێ دوژمن یان دوژمنان زەفەری پێ بەرن.

جاری وا هەبووە کار تا ڕادەیەک چۆتە پێش لە بەرانبەر حاکمی ناعادلی کوردیشدا بەرەنگای کەموێنەیان نیشانداوە.

نە بەگە مامۆ نە تەیموری لەنگ
هیچ کەس هەورامان نەگرتەن بە جەنگ
غەیر جە خان ئەحمەد بەگلەری خانان
ئەویش بەدهۆ گرتەن هەورامان

ساڵی ٩٠١ تا ٩٤٢ی مانگی (بەگەبەگ) کوڕی مامون بەگی ئەردەڵان پاش مردنی باوکی حکوومەتی بە دەستەوە گرت و هاوکاری لەگەڵ بە دەستەڵاتگەیشتنی شا سمایلی سەفەوی لە کوردستان هەوڵی زۆری بۆ هێنانە ژێر ڕکێفی هەورامانەوە، بەڵام نە ئەو و نە تەیموری لەنگ کاتی خۆی سەرنەکەوتن، تەنیا خان ئەحمەد بەگ نەبێ کە ئەویش پاش ساڵانی زۆر هەرجار دەشکا و دەگەڕایەوە، تا دواجار بە فێڵ و ناوبژیکاریی مەولانا مەلا ئیسماعیل قازی و سوێن و پەشیمانی لە قەتڵی بابی سلێمان بەگی هەورامی، واتە بارام میرزا بەگ، دەتوانێ دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێ و وێڕای بەڵێن و قەول و قەراری پێشوو دەس دەکا بە کوشتن و کوشتاری خەڵک.(٦)

خانای قوبادی لە ساڵی ١١٥٣ی کۆچی زیاتر لە ٤٠٠ ساڵ پێش سەبارەت بە سیستەمی حاکم و چەوسێنەری کوردستان بەم چەشنە بیروڕای خۆی دەردەبڕێ. ڕژێمی ستەم دونیا بەڕێوە دەبا و جیهان دادپەروەری تێدا نییە، لەم پێناوەدا و لە درێژەی کۆمەڵەشیعرێکدا دەڵێ:

خانا بۆ وەسەن زوبان درازی
کۆن ئەو ساحیب عەدل تۆ پێش نیازی(٧)

خانا دەست لەو گلەیی و گازندانە هەڵگرە، لەم سەردەمەدا کوا حاکمێکی عادل و دادپەروەر کە تۆ بتوانی هومێدی پێ ببەستی!

ناوبراو هەستێکی قووڵی نارەزایی لە جەور و ستەم و نابەرابەری هەبووە، عەوداڵی دادپەروەری و ژیانی بەختەوەرانەی لە دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا بەدی کردووە.

بە سەمع شەریف بشنەو حیکایەت
ئەر قەسدش خەیرەن والی ولایەن
بە جای گوڵ زەمین ماوەڕ و گەوهەر
سەنگ مەبۆ بە لاڵ خاکش بە عەنبەر
ئەروالی بێ عەدل شەرارەت پێشەن
بەدجنس بەدکار دوور جە ئەندێشەن
وەڵگەی مەملەکەت کەی مەعموور مەبۆ
ئێمەنی و ڕاحەت جە خەڵق دوور مەبۆ(٧)

عیشق و خۆشەویستیی خانا و گەورەیی ڕۆحی مرۆڤدۆستانەی ئەو هانی دەدا سەبارەت بە کردەوەی حاکم و پاشاکان بە جەواب بێ و لە سەریان واجب دەکا دادپەروەر بن، ئەو چارەی گیروگرفتەکانی نێو کۆمەڵ بە ڕاوێژ و ئاڵوگۆڕی بڕوا و بە دوور لە توندوتیژی دەزانێ.

گوێبیستی وتەی خانا بن: "ئەگەر حاکمی وڵات مەبەستی خێرخوازانە و خزمەت بە خەڵکی هەبێ زەوی لەجیاتی گوڵ گەوهەر بەرهەم دێنێ. بەردی شاخەکان قیمەتی لەعل پەیدا دەکەن و خاکەکەی دەبێتە زێڕی گرانبەها." واتە: ئەگەر دیموکراتی و دادپەروەری حاکم بن، ئەرزش و ئیعتباری وڵات و نرخی نەتەوەیی ئەو لە هەموو بارێکەوە گەشەی بەرچاو دەکا. بە پێچەوانەوە ئەگەر حاکم دوو لە دادپەروەری و شەرەنگێز و بەدکار بێ و حورمەت بۆ بیروڕای کۆمەڵ دانەنێ و خەڵک بە ڕاوێژکاری خۆی نەزانێ، وڵات نە تەنیا ئاوەدان نابێ، بەڵکوو ئاسایش و ئارامی و هێمنی پێش وەخت لەوێ بار دەکا.

پەی چێش مەواچان یە پەند پیرەن
تەحلیل موشکڵ هەر بە تەدبیرەن(٧)

پەند و ئەندەرزی زانایان و حیکمەتی واتە زێڕینەکانیان ئەوەیە کە کێشە جەماوەرییەکانیان بە ڕاوێژ و هاودەنگ و کەڵکوەرگرتن لە زانیاری و هەستیاریی ئاشتییانە چارەسەر بکرێ.

شانازی خانا بە زمانی خۆی ـ کوردی ـ هەروەها ڕێزدانانی ئەو بۆ ئازادیی زمان و ئازادیی ڕامان و بەئازادی ژیانی هەموو نەتەوەیەک ٤٠٠ ساڵ پێش ئەمڕۆ وەک لەم چەند دێڕەشیعرەدا دەردەکەوێ، شیاوی ئەوەیە کە کۆمەڵی ئینسنای پەیکەری زێڕینی لێ دروست بکا.

ڕاستەن مەواچان فارسی شەکەرەن
کوردی جە فارسی بەڵ شیرین تەرەن
پەی چێش نەدەوران ئەی دونیای بەدکێش
مەخزوزەن هەرکەس بە زوبانێ وێش
مەعلومەن هەرکەس بە هەر زوبانێ
بوا چۆن نەزمێ جە هەرمەکانێ

وێنەی عەروسان زێبای موشک چین
مەکەرۆش جە حوسن عیبارەت شیرین
خاریج جە مەعنا نەبۆ مەزمرونش
گویا بۆ چون شیعر (جامی) مەوزونش
جە لای خێرە د مەند دڵ پەسەند مەبۆ
شیرین تەر جە شەهد شیرەی قەند مەبۆ

ئەوە ڕاستە کە دەڵێن زمانی فارسی وەکوو شەکر وایە، بەڵام لە لای من کوردی لەبەر ئەوەی زمانی نەتەوەکەمە وێڕای حورمەتم بۆ زمانەکانی دیکە شیرینی زیاترە. لەبەرچی لەم دونیا کەچڕەفتارەدا هەرکەس بە زمانی خۆی شادمانە!؟ ئاشکرایە هەرکەس لە هەر شوێنێک بە هەر زمانێ ئاخافتن بکا، زمانەکەی گەشە دەکا و بەم هۆیەوە دەتوانێ بەرەو پێش بچێ و برازێتەوە هەروەک بوکڵەی جوانیی چینی، ئەوکات لە درێژەی کار و خەباتی زمانەوانیدا وەک شیعری ڕێکوپێک وەزن و قافیە دەگرێ و ئاهەنگی شیرین و نرخدار و گوێنەواز و بەواتا پەیدا دەکا، کە ئاکامەکەی پەسەندی زیاتر لای خەڵک و زانایان دەبێ و ئەوە بەبێ هەبوونی دەرەتان و هەلی گەشەکردن بۆ چ زمانێک نارەخسێ.

سەراسەری ئاسەواری بەجێماو لە شیعری شاعیرانی هەورامی و هەورامیبێژ پڕە لە هەستی نیشتمانپەروەری و گەلدۆستی و ئەوین بە زێد و دایکزادەکەیان بە هەموو دیاردەکانی جێگرتوو لە ناوچەکەدا ئەوینی خاک لە خوێن و هەست و خوست و هەڵسوکەوتنی ئەم کۆمەڵەمرۆڤەدا وەها جێی خۆی گرتۆتەوە کە تەنیا دەتوانرێ بوترێ سروشتیان وەک مرۆڤ لە خاک و گڵی ئەم نیشتمانە خوڵقاوە. ئەگەر وەسفی خۆشەویستێک دەکەن ئەو کاتە دلبەرەکەیان جێگای پەسەند و ڕەزامەندی ئەوان دەبێ، کە جوانیی ئەندامەکانی لەشی وەک دڵڕفێنی دیاردەکانی سروشتی وڵاتەکەیان بە دار و بەرد، گیا و گوڵ، پەلەوەر، ئاو و جۆگە، کانیاو و ڕووبار، بنار و دەشت، لوتکە و سەرچاوە، کۆڵان و ماڵ و گوند، شاخ و بەرزایی و پێدەشت و لێوار و بەگشتی ئاوێنەی باڵانوێنی یەکێک لەو دیاردانەی سروشتی وڵات بێ، عەتری وەرکەمەر، بۆنی سوورەهەراڵە، چنوور، گەردنی وەک ئاسک، باڵاوی وەک چنار و عەرعەر و سپی وەکوو بەفری کوێستان و... تەنانەت کاتی دڵتەنگی و پەژارەش خەمەکانی شاعیر دەبێ خۆوڵاتی و بە ڕەنگی یەکێک لە ئاسەوارەکانی تووڕەیی سروشتی وڵاتەکەی بن.

مەولەوی تاوەگۆزی، ١٧٠٤ تا ١٨٨٣ی زایین، خەمی لەدەستدانی عەنبەرخاتوونی خێزانی بەم چەشنە دەردەبڕێ:

ئیمساڵ نەووەهار چون خەزان زەرد
بەرگ وەرد باغ (مەعدوم) بەرد ئەو هەرد
مەشیو تاڵەی من خیلاف ئەنگێز بۆ
وەرنەکەی کێ دی وەهار گوڵ ڕێز بۆ(٨)

ئەمساڵ سەرەتای بەهار وەک پاییز و خەزانی لێهاتووە، لە ناوەختدا بارانی خەم دەستی پێ کرد بە جۆرێک کە گەڵای گوڵەباخی وەراند و بۆ کەژ و کێوی برد، هەروەک من لە دەست داخی (عەنبەرخاتوون) بەختم وەرگەڕا وەک ئەو پاییزە ناوەختە گەڵای خەم بە سەرمدا باری و پەڕەی گوڵی باخی ژیانی منی برد بۆ هەردی گۆڕستان، ئەگینا کێ و کەی و لە کوێ دیتراوە لە وەرزی بەهاردا گوڵ بوەرێ. دیارە بەختی من وای لە چارە نووسراوە بە پێچەوانەی سیستەمی سروشت بێ!

یان لەم وێنەیەدا:

گوڵ چون ڕووی ئازیز نزاکەت پۆشا
بەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشا

کزەی ئێوارانی پاش هەڵکردنی تۆزێک شنەبای ساردی کوێستانان گوڵی کوێستانی ناچار بە کۆکردنەوەی خۆی و داپۆشینی ڕوومەتی جوان و ئاڵی دەکا، شەونم بە فرسەتی دەزانێ لە یەکەم ساتەکانی ڕۆژدا نۆرە بگرێ و خۆی لە پەنای دیمەنی جوانی یاردا حەشار بدا، تا بە کرانەوەی خونچەی ڕووی دڵدار خۆی لە ماچکردنی کوڵمی سەرمەست بکا و بۆ ماوەیەک لەسەر ڕووپەڕە جوانەکەی جێ خۆش بکا، پاشان کە دەستپێکردنی گەرمای کوێستان جێی پێ لێژ دەکا، دڵۆپەی شەونم وەک بەفراوی بێئۆقرەی کوێستان شریخە و ناڵەی لێ هەڵدەستێ، هەروەک فرمێسکەکانی بەخوڕهەڵوەریوی چاوەکانی مەولەوی لە فیراقی یاری خۆشەویستیدا.

هەروەها مەولەوی لە قەسیدەیەکیدا سروشتی کوردستان لە وەرزی زستان و هاوین پەسن دەکا کە دیمەنی بەهەشتی بەرینی لێ دەردەکەوێ و هەموو شتێک ساز و تەیار دەبێ بۆ شوکرانەی ستایشی خالقی نادیار بە هۆی ساقیی مەیگێڕی سروشت. ئەو هەرچەندە سۆزی سۆفیانە و بیری فەلسەفی ناسک و تیژ لە جیهانی خۆیدا سەیر و سیاحەت دەکا، بەڵام ناتوانێ لە توێی هەر عەقیدە و مەرامێک دڵە بێ ئەوین و حەزی خۆشەویستی مەڵبەندەکەی دیمەنێکی وەها بخوڵقێنێ.

زووسانەن وەی ڕەنگ و گەردوون یاوان
گێجا گێج لوول کڵێڵەی کاوان
بەنا باشی بوورج بەرزە دیاران
سفید کاری کەرد ئاقچەی مەنماران
چ شیرین زەگەر هەوای تۆف سەرد
گۆشوارە نەگۆش نەونەمامان کەرد
پەی نیگای باڵای نەمام بێ گەرد
یەخ ئاوێنە گرت تەم چارشێوە ئاوەرد
ئەی مەحبوب خاس ئەی بنای تەمام
مەناڵۆ پەی بەزم ساقی و شیشە و جام
ساقی بکا نیەن جە سەردی دەی دەی
هەوا وەش کەردەن نەشئەی نۆ شای مەی

سووڕانی تۆپی زەوی، ڕەنگ و ڕووی تازە و دیمەنی تایبەت لە هەر وەرزێکدا دەخوڵقێنێ، زستان یەک لەوانە کە تۆف و گەردەلوولی بەفر و تووڕ و گێج خواردنی بە پەنا لوتکە و درزی شاخ و هەر کەلێنێکدا وەک چۆن ڕازاوە و ئوستادکارانە بێ، سروشت کەلێن و قوژبن و تاقچەی ئەشکەوتەکان بە بۆیاخی بەفر سواخ دەدا. تۆفی هەوا دڵۆپەئاوی سەر لق و پۆپی نەونەمامی دار چ دڵڕفێن گوشوارەئاسا وەک بلووری زێڕکەفت لە گوێی توولەنەمام هەڵدەواسێ، ئەوجا بۆ باڵای یاری نەورەس و تازەلاو کە شەوقی خۆنواندن لە جەرگەی یار و دڵدارانیدا ئۆقرەی پێ هەڵگرتووە، شووشە سەهۆڵ دەبێتە ئاوێنە و تەمومژی هەڵنیشتوو لە شاخ خۆی دەکاتە چارشێوەی دڵبەری بۆ یار، بەرە بەرە کۆشک و تەلار حەوشە و باخ و جۆگە و ڕووبار هەر کام شانبەشانی مەحبوب و خۆشەویست ئامادەکاریی خۆیان بۆ کامڵکردنی بەزم و ڕەزمی سروشتی جوان، حەوانەوە و حەسانەوە و سپاردنی گیانی دڵ بە ساقی لە پەنای ئەم ئاهەنگ و هەوایەدا، کە نەشئەی بەزمەکەی بێباکانە لە ساردیی هەوار خۆشتر کردووە، ناڵەی دڵ ڕوو لە ساقی و شیشە و جام دەکا، ئەوە بە شوکرانەی سەرخۆشکەری نۆ شانۆش شەرابی ژیانبەخش، ڕۆحی تەسلیم بە بەناباشی بورج دەکا، کە سروشتی جوان و دڵڕفێنی وەک ئەوەی بۆ ساز و تەرخان کردووە، کەچی لە بەرانبەر ئەم گەورەیی و جوانیخوڵقێنییەدا سەرمەست نەبوون حاڵینەبوون و قەدرزانینە.

شێخ مەحموود «فەخرالعلا»، ١٢٥٠-١٣٠٥ لەدایکبووی گوندی «دەژن» هەورامان بۆ تەسکینی دڵی بریندار و دامرکاندنی ئێش و ئازاری زامی بەسۆی، سەیری دیمەنی جوانی بەهاری نیشتمان دەکاتە مەڵهەم و سروشت و یارەکەی هەردووکیان پێکەوە دەلاوێنێتەوە:

دیار دان وهار گوڵان جەم بەستەن
دڵان پەشێوەن بولبولان مەستەن
تلوع نەشئەی بادەخورانەن
سەفای گەرم بەزم دردەدارانەن
مەی پەنهان نەجام ساف گوڵان دا
تلوع نەشئەش نەتۆی دڵان دا
شەونم سوب لە ڕووی سەوزەی دیاران
چۆن قەترەی عەرەق زوڵف نازاران
شین شەتاوان شنۆی سەرکاوان
چۆن خاڵ خاڵ بەور ڕیشەی دڵ کاوان
های جیلوەی کۆسارهای سەفای دەشتەن
ماچی بەهەشتەن ئای وادەی گەشتەن(٩)

وەرە ئەوە دیمەنی ڕازاوەی بەهار کوورەی زکری دڵانی پەشێوە و بولبولانی مەستی لە دەوری تۆپەگوڵی مەستیهێنەر دابەستووە، سەرهەڵدان و شۆڕش لە خۆ دەربازبوون و ئازادیی ڕۆح لە جەستە دەستی پێ کردووە، شەرابی نادیار لە جامی سافی گوڵان سەفا و گەرمی بە بەزمی دەردەداران دەبەخشێ، کارکردی نەشئەی شەرابی ئەم دیمەنە سیحراوییە ڕزگاریدەری ڕۆحی بەندکراوە، وەرە کە هاتنی تۆ سەفا بە بەزمی یاران دەدا، قەترەی ئارەقی سەر زوڵفی یار تام و چێژی شەونمی سەرلەبەیانی کۆساران بەهەشتئاسای سەوەزی دیارانی پێوەیە. شین و شەپۆری تاڤگە و ئاوهەڵدێر شنە و نەسیمی دڵئەفزای شاخ و بەندەنان وەک بەفری خاڵ خاڵی ئەم وەرزەی کوێستانەکانە، ڕیشەی دڵی بێ ئۆقرەم دەکوڵێ. سەفای ئەم دەشت و دەرە جوانە، جیلووەی کۆسارەکانی بەهەشتی دەستەبەر کردووە، هەستە وەرە با لە گەشتی ئەم بەهەشتە بێ بەش نەبین، ئەم بەهەشتە ڕەنگینە هەر حوری ناتەواوە.

کاتێک لەشکری کوللەئاسای عوسمانی هێرش دەکاتە سەر ناوچەکانی کوردستان و لە شاری پاوە جێگیر دەبێ، زوڵم و زۆر و تاڵان و بڕۆ بە ڕادەیەک دەگەیەنێ کە ئارام و قەرار بۆ خەڵکی نامێنێ، دڵسۆز و زانایانی شار پاش کۆبوونەوە و ڕاوێژی نهێنی بڕیار دەدەن بۆ بەرەنگاری دوژمنی داگیرکەر داوای یارمەتی لە حکوومەتی ئەوکاتی ئێران، جێگرتوو لە شیراز، بکەن. میرزا ئەولقادر پاوەیی، شاعیر سەرپاکی ئەم ڕووداوە مێژووییەی لە قەسیدەیەکدا لە ژێر سەردێڕی «کوللە و ئاینەمەل» تۆمار کردووە. کوللە ئەو بوونەوەرە جەستە بچووکەیە کە ساڵانی کۆن ـ بە هۆی نەبوونی کەرەسەی مۆدێرنەوە بۆ قەلاچۆکردنی ـ هێرشی دەکردە سەر مووچە و مەزرا و بە جارێک لە کورتخایەندا ئاسەواری دەغڵودانی بۆ کەس نەدەهێشت. ئاینەمەل، کەمێک لە کوللە گەورەتر و جۆرە باڵندەیەکە هەمان بەڵا بەسەر بێستان و دەغڵودان و حاسڵان وە کێڵگەکانی دەهێنا. شاعیر لەشکری حکوومەتی تورکی عوسمانی بە کوللە دەشوبهێنێ، هەربۆیە بە زمانی خەڵکی پاوەوە پەرۆشیی خۆی لە کردەوەی وێرانکەرانەی لەشکری تورک لە کوردستان دەردەبڕێ. سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە سەرەڕای دەربڕینی دڵسۆزیی تایبەتی بۆ زێد و ناوچەکەی خۆی، سۆزی قووڵی بیری نەتەوەیی و نیشتماندۆستی بە سواری ئەسپی چاپووکی ژیر تاو دەدا و بە ئاشکراکردنی ئاکاری درێو و ماڵوێرانکەری دوژمن هەوڵ دەدا هەستی مرۆڤدۆستانەی شیراز، واتە حکوومەتی ئێران، بۆ یارمەتی ببزووێنێ. ئەو دێ بە دێ و شار بە شار دەگەڕێ، تابلۆی ستەمی ستەمکار بە قەڵەمی بەهێزی ڕەسم دەکا و لە نامەیەکدا لە لایەن خەڵکی شاری پاوە بۆ تەڵەبی یارمەتی ڕەوانەی شیراز دەکا:

تەمامی وڵات گشت یەختە سارەن
نە جەور مەلەخ عالەم بێزارەن
«بایزید» و «تفلیس» مەحالاتی «وان»
«پاپێش، قاشمان» تاشار «ئیروان»
«هەولێر» و «موسڵ» گرد بەرباد کەردەن
ئایر جەدیار «کەرکووک» ئاوەردەن

ل٢٥